دەستگیرا بەسەر چواردە کیلۆگرام ماددەی هۆشبەر لە سلێمانی



ئەمڕۆ دووشەممە 26ـی ئابی 2024، بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی ماددە هۆشبەرەکانی دەزگای ئاسایش، بەهەماهەنگی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی سلێمانی لە ڕاگەندراوێکدا ڕایانگەیاند، "کاتژمێر 9ـی بەیانی ئەمڕۆ لە گەڕەکی سەرچناری شاری سلێمانی، پاش ڕووبەڕووبوونەوە توانیان دوو بازرگانی ماددەی هۆشبەر بەبریندداری دەستگیربکەن و دەستبگرن بەسەر بڕی زیاتر لە 14 کیلۆگرام ماددەی هۆشبەر لە جۆری کریستاڵ".

ڕاشگەیندراوە، لەئەنجامی ڕووبەڕووبونەوەکەدا، کارمەندێکی دەزگای ئاسایش برینداردەبێت.

ئەوەشخراوەتەڕوو، لەئێستادا تۆمەتباران بەماددەی 25 لەیاسای بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان و کارتێکارە ئەقڵییەکان ڕاگیراون و لێکۆڵینەوە لەدۆسیەکەیان بەردەوامە.